# "ڕاپۆرتێک لە پێنجەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی مافی ژنی کورد- مافی مرۆڤ"

## لەپێناوی بەدیهێنانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش، کۆنگرەیەکیان ڕێکخست.

دڵنیا ڕەحیم زادە


کوردستانی نوێ

ڕێکخراوی مافی ژنی کورد–مافی مرۆڤ

لە پێناوی بەدیهێنانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش کۆنفرانسێکیان ڕێکخست

لایەنێک لە کۆنگرەکە

سەعات ١٠:٣٠ سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠١١/٤/١٩ بەئامادەبوونی لایەنگرانی حزبی و حکومی و چەندین کەسایەتی سیاسی و هونەری و ئەدەبی و چالاک لەبواری مافەکانی ژنان پێنجەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی مافی ژنی کورد- مافی مرۆڤ لەهۆڵی تەوار-ی یەکێتی ژنانی کوردستان لەشاری سلێمانی بەڕێوەچوو، سەرەتای کۆنگرەکە بەدەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستپێکرد، پاشان ڕێکخراوی مافی ژنی کورد-مافی مرۆڤ سوپاس و پێزانینی خۆیان ئاراستەی یەکێتی ژنانی کوردستان و خاتوو کافیە سلێمان کرد بۆ هاوکاریکردنیان لەبەستنی ئەم کۆنگرەیە، هەربۆیە چەپکێ گوڵیان پێشکەش کرد کە وەکو کەسایەتیەک هاوکارییان بووە.

### خۆشحاڵی خۆی دەربڕی

دواتر خاتوو کافیە سلێمان-یش بەناوی یەکێتی ژنانی کوردستانەوە بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کردو خۆشحاڵی خۆشی دەربڕی بە بەستنی ئەم کۆنگرەیە لەهەرێمی کوردستان و بەشداریکردنی ڕێژەیەکی بەرچاو لەژنی کورد، هەروەها هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن لەکاروباری ڕێکخراوەکەیاندا .

### هەموو دەتوانن ببنە ئەندام

پاشان بەدری تەوحیدی یەکێک بوو لەئەندامانی بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە پێناسەیەکی کورتی ڕێکخراوەکەی بۆ بەشداربووان کردو خۆشحاڵی خۆشی پیشاندا بەهاتنەدی ئاواتەکەیان ئەویش بەستنی کۆنگرە بوو لەهەرێمی کوردستان، بەدری وتیشی: ڕێکخراوەکەمان لەساڵی ٢٠٠٦ دامەزراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەندامانی دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی ژنی کورد-مافی مرۆڤ ڕۆژهەڵاتی بوون، هەربۆیە لەسەرەتاوە ڕێکخراوەکە کاری بۆ ژنانی ڕۆژهەڵات دەکرد، بەڵام مایەی خۆشحاڵییە کە ئێستا کۆمەڵێک لەژنانی چالاکی بەشەکانی تری کوردستانیش ئەندامن لەڕێکخراوەکە، بەدری تەوحیدی بیرۆکەی پێکهێنانی ڕێکخراوەکەی گەڕاندەوە بۆ بوونی بۆشاییەک لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بۆ دانانی ڕێکخراوێکی سەربەخۆی ژنان کە بتوانێت هەموو دەنگەکان و بیروباوەڕەکان بەبۆچوونە جیاوازەکان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو لەسەر بنەمای کارکردن بۆ یەکسانی ژن بتوانێت بەیەکەوە چالاکی ئەنجامبدەن، ناوبراو ئاماژەشی بەوەشدا کە لەوڵاتانی ئەوروپادا بنکەیان هەیەو چەند ئەندامێکیشیان لەکوردستانی باشوور هەیە، هەروەها هیواشی خواست ئەگەر ڕێکخراوەکانی ژنان نەبنە یەک ڕێکخراویش، بەڵام با هەوڵبدەن چالاکی هاوبەش ئەنجامبدەن بۆ داکۆکیکردن لەماف و داواکارییەکانی ژنان، پاشان شاعیری گەورەی گەلەکەمان مامۆستا شێرکۆ بێکەس وێڕای پیرۆزبایی لەبەستنی کۆنگرەی ڕێکخراوی مافی ژنی کورد- مافی مرۆڤ خۆشحاڵی خۆشی پیشاندا بە بەشداریکردنی لەو کۆنگرەیەدا، ئەوەبوو چەند شیعرێکیشی پێشکەشکرد، پاشان بەپێشکەشکردنی بروسکەی پیرۆزبایی لایەن و حزب و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لەمافەکانی ژنان بەشی یەکەمی کۆنگرەکە کۆتایی پێهات.

### ڕێکخراوێکی سەربەخۆ پێویستە

دواتر نینا ڕەحیمی یەکێک بوو لەبەشداربووانی کۆنگرەکە سەبارەت بەناوەڕۆکی کۆنگرەیەو ئامانج لەبەستنی وتی: کۆنگرەکە بۆ منی ژن زۆرباشەو بوونی وەها ڕێکخراوێک کە سەربەخۆیە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر پێویستە، وتیشی: من لەشارۆچکەی کۆیەوە هاتووم بۆ بەشداریکردن لەو کۆنگرەیەو هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکە دەخوازم و هیوادارم دەرئەنجامێکی باش و بەسوودی هەبێ بۆ ژنان.

هەروەها لەیلا عەبدی کە لەهەولێرەوە هاتبوو بۆ بەشداریکردن لەم کۆنگرەیە سەبارەت بەگرنگی بوونی ڕێکخراوێکی سەربەخۆ لەکوردستان وتی: من سەر بەهیچ حزب و لایەنێک نیم، هەربۆیە دەمەوێت کارو چالاکی لەبواری ژناندا ئەنجام بدەم، بۆیە بوونی ڕێکخراوێکی سەربەخۆی لەمشێوەیە بۆ کەسێکی وەکو من پێویستەو دەستخۆشی لەدامەزرێنەرانی ڕێکخراوی مافی ژنی کورد- مافی مرۆڤ دەکەم.

## خۆشحاڵم بە بەشداربوون

سەرکەوت محەمەد-ی خوێندکاریش باسی لەوەکرد کە پێشووتر ئەم ڕێکخراوەی نەدەناسی و لەڕێگەی هاوڕێیەکیەوە بەشداری لەم کۆنگرەیەدا کردووەو وتی: خۆشحاڵم بە بەشداربوونم لەم کۆنگرەیە، چونکە توانیم چەند کەسێکی شارەزا لەهەریەک لەبوارەکانی دەروونناسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ببینم و لەنزیکەوە بیانناسم، سەرکەوت دەستخۆشیشی لەو هاوڕێیەی کرد بۆ بانگهێشتکردنی بۆ ئەم کۆنگرەیە .

## پێشنیازو گەڵاڵەکردن

بەشی دووەمی کۆنگرەکەش بەگەڵاڵەکردن و پێشکەشکردنی پێشنیازی کۆنگرەی مافی ژنی کورد- مافی مرۆڤ لەلایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی مافی ژنی کورد- مافی مرۆڤەوە بەشێوەی پانێل دەستپێیکرد، بەڕێوەبەرانی پانێلەکە بریتیبوون لەکوبرا کەریمی و جینا توتاغاجی و بەدری تەوحیدی و روفیا رەمەزان عەلی و ناهید بەهمەنی، کوبرا کەریمی لەسەرەتای قسەکانیدا باسی لەخاڵە گشتییەکانی پلاتفۆرمی هاوبەش کردو وتی: پلاتفۆرمی هاوبەش بۆ ئەوەی بتوانێت سەکۆیەک بێت بۆ هاوکاری لایەنە جیاوازەکان، دەبێ پلاتفۆرمی گشتی بێت کە کۆمەڵێ خاڵی هاوبەش بگرێتەخۆی، ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لەناوبردنی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک لەدژی ژنان سیداو(پەسندکراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لەساڵی ١٩٧٩) دەتوانێ لێوانلێو بێت لەچاوگەو دەستپێکی شیاو بۆ ساغبوونەوە لەسەر مافە سەرەکیەکانی ژنان و پلاتفۆرمێکی هاوبەش .

## یەکسانی لەماف و ئەرکدا

هەر لەمیانەی ئەم گفتوگۆیەدا باس لەچەند تەوەرێکی گرنگ کرا لەوانە ئاماژە بەوە درا کە ژن و پیاو دەبێ لەمافدا یەکسان بن بۆ هەڵبژاردن و خۆکاندیکردن، هەروەها باس لەوەشکرا کە ژن و پیاو لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن و هەندێ نموونەش هێنرایەوە کە پێویستە بەپێی یاسا بنەبڕ بکرێت وەکو میرات و شایەدیدان و دانی ژن لەبری خوێن و خەتەنەکردن و کوشتنی ژن لەژێر ناوی شەرەف و چەندین بابەتی تر باسی لێوەکرا.

## بەشداری ژن لەبازاری کار

هەروەها لەبواری ئابووریشدا باس لەوە کرا کە دەبێ لەکاری یەکساندا داهاتی ژن و پیاو وەکو یەک بێت، باس لەوەشکرا کە هەوڵبدرێ ژن بەشداری پێبکرێ لەبازاری کار، هەروەها لەبواری کۆمەڵایەتیشدا پێویستە بەرەنگاری هەموو جۆرە توندوتیژییەک ببینەوەو کەلتووری پیاوسالاریی بنەبڕ بکەین، هەر لەدرێژەی گفتوگۆکاندا باس لەماف و ئەرکی ژن کرا لەهەریەک لەبوارەکانی پەروەردەو نەتەوەییدا بەمەبەستی نەهێشتنی بیرو دەسەڵاتی پیاوسالاریی لەبواری پەروەردەو خوێندن، هەروەها ژن مافەکانی دەستەبەر بکرێت بەبێ جیاوازی لەنێوان ئایین و نەتەوە.

## کەلتوورو دابونەریت ڕێگرن

لەدووەم ڕۆژی کۆنفرانسەکەشدا چەندین باس و وتار سەبارەت بەمافەکانی ژنان پێشکەشکران لەوانە خاتوو ئەمیرە حەسەن عەبدوڵلا، ئەندامی داواکاری گشتی لەدادگای سلێمانی باسێکی سەبارەت بەمافەکانی ژنان پێشکەشکردو وتی: لەڕووی یاساییەوە ماف و ئەرکی ژنان دیاریکراوە، بەڵام لەکۆمەڵگەی ئێمەدا کەلتوورو دابونەریت زۆرجار دەبنە ڕێگر لەبەردەم هەنگاوەکانی ژنان و مافەکانیان پێشێل دەکات، لەمڕووەشەوە چەند نموونەیەکی هێنایەوە بۆ ڕاستی مەسەلەکە، هەروەها کورتەباسێکیشی دەربارەی پەیماننامەی سیداو پێشکەش بەئامادەبووان کرد، جگە لەوە ڕێبوار کەریمی نوێنەری یەکێتی مافی مرۆڤ لە فینلەندا باسێکی سەبارەت بەمافی مرۆڤ لەفینلەندا پێشکەشکرد .

دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژیش کۆبوونەوەیەک ئەنجامدرا بۆ بڕیاردان لەسەر کردنەوەی لقێک بۆ ڕێکخراوی ناوبراو لەهەرێمی کوردستان و هەروەها ناوی ڕێکخراوەکە لە مافی ژنی کورد- مافی مرۆڤ گۆڕدرا بە مافی ژنی کورد، پاشان هەرکام لە کاندیداکان کورتەیەک لە بیۆگرافی خۆیان باس کرد بۆ بەشدار بووان بەمەبەرستی هەرچی زیاتر ناسینی ئەندامانی ڕێکخراوەکەو لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکدا و بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی لقێکیتر لە ڕێکخراوەکە لە کوردستان دەکرێتەوە ڕێژەی ئەندامانی بەڕێوەبەری لە ٧ کەس بۆ ١٣ کەس زیادی کرد پاشان کۆنگرەکە لەلایەن بەڕێوەبەرانی کۆنگرەکە کۆتایی پێهات و هەموو ئەندامانی بەرێوەبەر و ئەندامانی ڕێکخراوەکە بە گرتنی وێنەو رەسم خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بۆ سەرکەوتوو بوونی کۆنگرەکەیان .

***** ( سەرچاوە گۆڤاری کوردستانی نوێ ژمارە ٥٤٥٩ ریکەوتی ٢٠١١/٠٤/٢١ لاپەرەی ١٧ ) *****